ڕاگەیاندنی سەنتەری منالآن:

## لە ڕۆژی جیهانی منالآندا سەنتەری منالآن خەندە بۆ سەر لێوی منالآن دەگەڕێنێتەوە لە بەغداد..!!



لەکەش و هەوایەکی خوێناوی و ترسناکدا کە سەتاپای شاری بەغدادی گرتۆتەوە، لە ناو مەرکەزی تەقینەوەو کوشتن و ڕفاندنی خەڵکی بێتاواندا لە لایەن تیرۆریستانەوە، لە جێگایەکدا کە هەموو بزەیەکی سەرلێوی منالآن و پەپەلەکان و خەڵکی زەوت کراوەو لێیان شاردراوەتەوە. ئا لەم جەوی دێوەی زمەی شەڕو داگیرکارییەدا ، سەنتەری منالآن بزە بۆ سەر لێوەکانی خونچەکانمان لە بەشێکی شاری بەغداد دەگەڕێنێتەوە.



لە ڕۆژی 05 –06–2006 داو لە ژێر دروشمی " یەکەم منالآن"لە هۆی شانۆی کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکان لە بەغداد ، و بەبۆنەی ڕۆژی منالآنەوە سەنتەری منالآن هەستا بە سازدانی ئاهەنگێکی قەشەنگ بۆ منالآن ، منالآنی بەشدابوو لە هەریەك لە لە گەڕەکەکانی الحوریە ، الدورە ، السەورە و ئەلزەعفەرانیەوە بە هاوکاری گەرەکان بۆ بەشداری لە ئاهەنگی سەنتەری منالآن ڕوویان لەم هۆڵە کرد،



ووتەی سەنتەری منالآن بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منالآنەوە لە لایەن نەسیرن کەریم یەکێك لە هەڵسوڕاوانی سەنتەر لە بەغداد خوێندرایەوە، پاشان لە لایەن دکتۆرە **طاهرة دخيل** نمایشێکی کورت لە دژی چەکدار کردنی منالآن پێشکەش کرا، سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عێراق سەمیر عادل ووتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد ، پاشان چەند پارچە شیعرو پەخشان لە لایەن منالآنی بەشدابووە وە خوێندرایەوە، لە لایەن تیپی شانۆوە کە بە هاوکاری مەروان حەنون بەرپرسی سەنتەر لە بەغداد سازدرابوو چەندین شانۆگەری سەبارەت بە نیشاندانی وەزعییەتی نالەباری منالآن لە عێراقدا نمایش کرا، چەندین گۆرانی



خۆش و دلّ ڕفێن لە لایەن منالآن زەمەن و ساراوە بە هاوکاری هونەرمەندی عودژەن و ئاواز دانەر فوئاد حسن پێشکەش کرا. شایانی باسە جوان ڕازاندنەوەی هۆڵەکە بە مەوادی زیناو دەنگی مۆسیقایەکی ئارام

ئەو ئامرازە هاندەرەبوو کە ئەگەر بۆ چەند ستاتێکیش بێت ، منالآن دنیای شەڕو خوێناوی دەرەوەی هۆڵەکەیان بیر بچێتەوەو بۆ ماوەیەك بگەڕێنەوە بۆ دنیای جوان و پڕ لە ئالآو والآو خۆیان ، دور لە ستەم و چەوساندنەوە ، دور لە دەنگی تۆپ و شەڕو نائەمنی هەست بە ئارامی بکەن. لەم ئاهەنگەدا چەندین ڕێکخراوی تری منالآن ئامادەی ئاهەنگەکە ببون ، لە کۆتاییدا دیاری بەسەر منالآندا دابەش کرا وەك ، سیێ دیێ ی منالآن ، جل و بەرگ ، گۆڤاری مزمارو مجلتی و چەندین دیاری تری جوان کە مایەی خۆش حاڵی و ڕەزامەندی منالآن بوو.



هەرەیەك لە مەروان حەنوون بەرپرسی سەنتەر لە بەغداد و دکتۆرە طاهرة دخيل یەکێك لە هەڵسوڕاوانی سەنتەر لە بەغداد لە وتەیەکی کورتدا کۆتاییان بە ئاهەنگەکە هێناو منالآنیش بە ڕووی گەش و لێو بە بزەی پێکەنینەوە کە خۆشی و شادی لە چاوەکانیان دەباری، هۆڵەکەیان بەجێهێلآو کۆتایی بە ئاهەنگەکە هات. شایانی باسە کە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و سەتەلایت ئامادەی ئاهەنگەکە بون و شاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەڵسوڕاوانی سەنتەردا ساز دا.

**سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالآن – بەغداد**

www.santarimnalan.com
www.santarimnalan.org
santarimnalan@ahoo.com